ئەدەب و کولتوور
رووداو

# رامیار کۆبەرهەمی شیعرەکانی بڵاودەکاتەوە



■ ئا: ئەدەب و کولتوور

نووسەر و شاعیر، رامیار مەحموود کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی لە دووتوێی کتێبێکدا چاپ دەکات.

کتێبی (من دڵم داهێنا و مێژووم نیگەران کرد بۆ هەتاهەتایە) کۆبەرهەمی دەقە ئەدەبییەکانی رامیارە لە ساڵی 1997 بۆ 2018. ئەم کتێبە شەشەم کتێبی بڵاوکراوەی ئەوە لە بواری دەقە ئەدەبییەکاندا.

رامیار مەحموود لەبارەی ئەم بەرهەمەی بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی گوت: "جیاوازیی ئەم کتێبەم لەگەڵ بەرهەمە ئەدەبییەکانی تر ئەوەیە کە کۆی کارە ئەدەبییەکانم لەخۆ دەگرێت لەو ماوەدا زەمەنییەدا".

گوتیشی کە قەبارەی کتێبەکە 420 لاپەڕەیە و بنەماڵەی رەوانشاد عەلی بۆسکانی ئەرکی لەچاپدانیان گرتووەتە ئەستۆ و لە ماوەیەکی نزیکدا بڵاودەبێتەوە.




# ئەزموونی بەدر شاکر سەیاب لەنێو حیزبی شیوعیی عێراقیدا

■ ئا: ئەدەب و کولتوور


«من شیوعی بووم» کتێبێکی بەدر شاکر سەیاب، شاعیری ناسراوی عێراقییە کە بە زمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە و لەلایەن فەیسەڵ خەلیل بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدراوە.

فەیسەڵ خەلیل، بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند، ئەم کتێبە پێشتر بەشێوەی زنجیرە وتار لە رۆژنامەی (حورییە) بە زمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە، دواتر لەلایەن بنەماڵەکەیەوە وتارەکان کۆکراونەتەوە و لە دووتوێی کتێبێکدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە. بەدر شاکر سەیاب لەو زنجیرە وتارانەیدا ئەزموونی خۆی لەگەڵ حیزبی شیوعی دەگێڕێتەوە و بە ئەزموونێکی تاڵ وەسفی دەکات.

وتارەکانی بەدر شاکر سەیاب لە دوو قۆناغی جیاوازدا بڵاوکراونەتەوە، لەبەرئەوەی بە فەرمانی عەبدولکەریم قاسم بۆ ماوەیەک وتارەکانی لە بڵاوکردنەوە راگیران. کتێبەکە لە 250 لاپەڕەی قەبارە مامناوەنددا لەلایەن ماڵی وەفایی لە سلێمانی چاپ دەکرێت و بەم نزیکانە دەکەوێتە بەر دیدەی خوێنەران.

بەدر شاکر سەیاب، لە 25ی دیسێمبەری 1926 لە بەسرە لەدایکبووە. لە 24ی دیسێمبەری 1964 کۆچی دوایی کردووە و بە یەکێک لە شاعیرە ناودارەکان لەسەر ئاستی عێراق و وڵاتانی عەرەبی دەناسرێت و یەکێک لە دامەزرێنەرانی شیعری ئازادە لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا.






# رۆمانەکەی ئاواز بڵاودەکرێتەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

(رەڤین ژ خولەکێن زەر) ناونیشانی رۆمانێکی خانمە نووسەری کورد ئاواز مستەفا بەرواریيە کە لەلایەن دەزگای ناڵبەند چاپکراوە و سەرەتای مانگی داهاتوو بڵاودەکرێتەوە.

ئاواز مستەفا بەرواری بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند کە ناوەڕۆکی رۆمانەکەی کۆمەڵایەتییە و ئەکتەرە سەرەکییەکەی کچێکی ئازادیخوازە، ئەو بەهۆی ئەو ئێش و ئازارەی لە سەردەمی منداڵی دووچاری بووە، بەدوای ئازادیدا دەگەڕێ.

ئاواز مستەفا زۆرتر لەبارەی ناوەڕۆکی رۆمانەکە قسەی کرد و گوتی: "ئەو کچە پەیکەرێک لە گڵ دروست دەکات، پەیکەری ژنێکی بە جەسارەت، بە هەناسە و بۆنی دایکایەتی. هیواکانی ئەو هەر زوو لە دڵی گۆڕستاندا لە نێو ئاگردا خۆیان دەبیننەوە، هەر چۆنێک بێت خۆی لەو خولەکە زەردە رزگار دەکات و روحی خۆی وەکو پێلیستانکێکی دەربەدەر خۆی لە وشکانیی جەستە ئازاد دەکات".

(رەڤین ژ خولەکێن زەر) دووەمین رۆمانی ئەو خانمە نووسەرەی کوردە، رۆمانی یەکەمی ساڵی 2014 بەناوی (ژڤانەک ل دوماهیکا شەڤێ) چاپ و بڵاوکرایەوە.

# گەڕیدەکان؛
# ئەوانەی کولتوور و مێژووی ئێمەیان رزگار کرد

سەنگەر زراری



کورد، چونکە خۆی مێژوویەکی نووسراوی رێکوپێکی نییە، بۆیە هەمیشە مێژوونووسانی کورد لە سەرچاوە بیانییەکاندا بەدوای رەچەڵەک و مێژووی نەتەوەکەیاندا گەڕاون. هەرچەندەش مێژوونووس و گەڕیدەکان لە دیدی تایبەتی خۆیانەوە باس و بابەتەکانیان تۆمار کردووە، بەڵام باشترە لەوەی کە هەر خاوەنی هیچ مێژوویەک نەبین، لەبەرئەوەی ئەمە لەلایەک بەشێکی ئەو مێژووەمان بۆ دەگەڕێنێتەوە کە خۆمان نەمانووسیوەتەوە، لەلایەکی دیکەش دیدی بیانییەکانمان لەسەر خۆمان پێ دەڵێت، هەر بەهۆی بیانییەکانەوەیە کە ئێمە دوورترین خاڵی مێژووی خۆمان دەزانین، ئەویش سەدەکانی پێش زایینە.

لەم پێودانگەوە، یۆنانییەکانی زەمانی دێرین (گریکەکان)، یەکەمین کەسانێکن کە هاتوونەتە کوردستان و بۆ یەکەم جار کتێبیان لەبارەی کورد و وڵاتی کوردانەوە نووسیوە. یەکەم گەڕاڵی یۆنانی هاتبێتە کوردستان و باسی کوردی کردبێت، فەیلەسووف و سەرۆک لەشکر و رێبەری یۆنانستانی کۆن "کسێنۆفۆن" یان وەکو هەندێک دەڵێن "زەینەفۆن" بووە کە لە ساڵی (401 پ.ز) بە رۆژهەڵاتدا تێپەڕیوە و گەشتەکەی خۆی لە کتێبی (ئاناباسیس)دا بە زمانی یۆنانی نووسیوەتەوە و بەشێکی سەفەرنامەکەی تەرخان کردووە بۆ ئەو کارەساتە ناهەموارانەی خۆی و لەشکرەکەی لە کوردستان بەسەریان هاتووە و ئەو شەڕوشۆڕانەی لە کوردستان رووبەڕوویان بووەتەوە.

کتێبی مێژوویی ئاناباسیس، یەکێکە لەو سەرچاوە بەنرخانەی کە زۆربەی زانا و توێژەرانی بواری زانستی، لەسەر ناوچەی

**ئاناباسیس یەکەمین و کۆنترین دۆکیۆمێنتی مێژووییشە کە چیرۆکی پەیوەندیی نێوان رۆژئاوا و کوردمان بۆ بگێڕێتەوە**

رۆژهەڵات و ئاسیا بەگشتی و کاردۆخ و خالیدی و خالیقییەکان بەتایبەتی، کەڵکیان لێ وەرگرتووە، زانیاری بەنرخی تێدایە، باسی نەتەوەکانی سەر رێگای چوون و گەڕانەوەی لەشکری یۆنانی لەگەڵ لەشکرکێشییەکانی کوروشی دووەم دەکا.

سەرتاپای لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کورد: ژیانی سەربازی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئارکیۆلۆژی، بەوردی لەم تێکستەی کسێنۆفۆندا تۆمار کراون، ئاناباسیس نەک هەر یەکەمین و کۆنترین دۆکیۆمێنتی مێژووییە کە باسی کوردی تێدا هاتبێت، بەڵکو گەنجینەیەکی هەتا بڵێی دەگمەن و بێهاوتاشە بۆ ئەو توێژەرانەی کە لە نەژاد و ژیان و زمانی کۆنی کورد دەکۆڵنەوە. لەم کتێبەدا ناوی کورد ناهێنرێ، بەڵام باسی کاردۆخەکان دەکات کە بەپێی لێکدانەوەی زۆربەی مێژوونووسان، کاردۆخەکان باپیرە گەورەی کوردن.

ئەو کتێبەی کسێنۆفۆن، کۆنترین سەرچاوەیە کە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا ئاماژەی بۆ زمانی کوردی کردبێت، یاخود راستتر ئاماژەی بۆ ئەوە کردبێت کە کاردۆخییەکان زمانێکی تایبەت بە خۆیان هەبووە، ئەو، کاتێ دەگاتە ناو کاردۆخەکان، ئاماژە بەوە دەکات کە چەکدارە یۆنانییەکان لە رێگای (وەرگێڕ) ێکەوە قسەیان لەگەڵ کاردۆخەکان کردووە.

ئەگەرچی باسی کورد لەم گەشتنامەیەی کسێنۆفۆندا تەنیا چەند لاپەڕەیەکە، بەڵام ئەم چەند لاپەڕەیە لەبارەی کاردۆخییەکان، بە یەکەمین و هەرە کۆنترین سەرچاوە دادەنرێت لەبارەی بنچە و نەژادی کوردانەوە.

ئاناباسیس یەکەمین و کۆنترین دۆکیۆمێنتی مێژووییشە کە چیرۆکی پەیوەندیی نێوان رۆژئاوا و کوردمان بۆ بگێڕێتەوە، کۆنترین لێکدانەوەی خەڵکی بێگانە و یەکەمین بینینی رۆژئاواییانەیە بۆ ئاکار و کەسایەتی مرۆڤی کورد و نیشتمانەکەی.

دیارە لە سەدەکانی دواتریشدا گەشت و گەڕانی مرۆڤ هەر بەردەوام بووە، کوردستانیش بەردەوام هاتوچۆی لەسەر بووە، لەمبارەیەوە نووسینی مێژوویی زۆرن، بەڵام نووسینی گەشتنامە لەم رووەوە کەمترە. تا ئەوەی لە سەدەی شازدەهەمەوە بازرگان و گەڕاڵە ئەوروپاییەکان، بە لێشاو سەردانی کوردستان دەکەن و گەشتنامەکانیان لەبارەی رۆژهەڵات و لەنێویشیدا لەبارەی کوردستان دەنووسنەوە.

بەشێوەیەکی گشتی گەڕاڵ و جوگرافیاناسە ئیسپانی و ئیتاڵی و پرتوگالییەکان، دوای یۆنانییەکان، لەڕووی کرۆنۆلۆژییەوە، یەکەم ئەو ئەوروپاییانە بوونە کە هاتوونەتە کوردستان و لەسەر کوردستانیان نووسیوە، ئینجا دوای ئەوانیش ئەرمەن و چینی و رووس و ئەڵمانی و فەڕەنسی، بەڵام هیچیان سەفەرنامەکانیان تایبەت نەبووە بە کورد، بەڵکو باسی وڵات و نەتەوەکانی عەرەب و تورک و فارسیان دەکرد و تەنیا چەند لاپەڕەیەک، یان بەشێکیان بۆ کورد تەرخان دەکرد.

بەگوێرەی هەندێ بۆچوون، یەکەمین جوگرافیناسی ئەوروپی کە بەتایبەت هاتبێتە کوردستان، جوولەکەیەکی ئیسپانی بووە بەناوی "بنیامین دو توودێل"، کە لە ماوەی ساڵانی (1163-1173ز) لە رۆژهەڵات ماوەتەوە و سەفەرنامەکەی خۆی نووسیوەتەوە. هەروەها کۆنترین گەشتنامە کە ناوی کوردی تێدا هێنرابێ، ئەوەیە کە لە ساڵی (1473ز) لەلایەن زێڕینگری باڤاری "جۆهان سچیل بەرگەر"ەوە بڵاوکراوەتەوە.

لە دوای ئەمانە، دەیان گەڕاڵی دیکە سەردانی کوردستانیان کردووە و لە بەرهەمەکانیاندا باسی کوردستانیان کردووە، لە نێو ئەوانەدا جوگرافیناس و گەڕاڵی ناوداری ئیتاڵی مارکۆ پۆڵۆ (1254-1324ز) لە ساڵانی (1270-1295ز) گەشتە ناودارەکەی بەرەو کوردستان دەکات و سەفەرنامەکەشی لە کۆتایی ساڵانی (1290ز)دا دەنووسێتەوە.

دیارە تەنیا ئەوروپییەکان وەکو گەڕیدە سەردانی کوردستانیان نەکردووە، بەڵکو خەڵکانی ئاسیای دووریش بە هەمان شێوە هاتوونەتە کوردستان و سەرنجەکانیان لەسەر کوردستان تۆمار کردووە، بۆ نموونە: جوگرافیناسی چینی (ڕابان ساوما) لە ساڵانی (1287-1290ز) لە شاری پەکینەوە، بە رێگای سەمەرقەند هاتووەتە تەورێز، پاشان بە کوردستانی ئێران و تورکیای ئەمڕۆدا تێپەڕیوە تا گەیشتووەتە دەریای رەش، لەبارەی ئەم گەڕانەش، سەفەرنامەیەکی بایەخداری نووسیوەتەوە و باسی ئەو شوێنانە دەکات کە سەردانی کردوون.

بەرهەم و کتێبە رۆژهەڵاتناسییەکان بەشێوەیەکی گشتی تا سەدەی نۆزدەهەم، بەشێکی دەگمەن و زۆر کەمیان تەرخانکراون بۆ کورد، هۆی ئەمەش دیارە ئەوەیە کە کورد پێچەوانەی عەرەب و تورک و فارس، هەرگیز دەوڵەتێک یان قەوارەیەکی سەربەخۆی بەناوی خۆیەوە نەبووە، هەمیشە لە چوارچێوەی چەند ویلایەتێکی جۆراوجۆری سەر بە دەوڵەتەکانی فارس و عەرەب و تورکدا ژیاوە، یانیش بەسەر چەند میرنشینێکی سەر بەو دەوڵەتە غەیرە کوردانەدا دابەش کراوە و لەژێر ناوی هۆز و عەشیرەت و گروپێکی ئەتنیکی ناوی هاتووە، نەک وەک نەتەوەیەکی خاوەن وڵات، بەڵام لە سەدەی

**بەگوێرەی هەندێ بۆچوون، یەکەمین جوگرافیناسی ئەوروپی کە بەتایبەت هاتبێتە کوردستان، جوولەکەیەکی ئیسپانی بووە بەناوی "بنیامین دو توودێل"**

نۆزدە بەولاوە، کەسانی دیکە چ بە مەبەستی گەشت و گەڕان، یانیش بە مەبەستێکی سیاسی سەردانی کوردستانیان کردووە و بە تێروتەسەلی باسی کوردیان کردووە، یەکێک لەو کەسانەش گەڕیدە و شوێنەوارناسی دیاری ئینگلیز (کلۆدیۆس جێمس ریچ)ە.

جێمس ریچ (1787-1821ز) رۆژهەڵاتناس و گەڕیدە و شوێنەوارناسێکی ئینگلیز بوو، لە نێوان ساڵانی (1808-1821ز) نوێنەری حکوومەتی بەریتانی بوو لە عێراق و نوێنەری کۆمپانیای هیندیی رۆژهەڵات بوو لە بەغدا.

لە ساڵی (1820ز) سەردانی کوردستانی کرد، بەتایبەتیش سەردانی هەردوو میرنشینی بابان و ئەردەلانی کرد، گەشتنامەکەی بە تێروتەسەلی نووسیوەتەوە و لە دوای مردنی لەلایەن هاوسەرەکەیەوە بڵاوکرایەوە. لە چواری تشرینی یەکەمی (1821ز) لە شاری شیراز بەهۆی نەخۆشی کۆلێراوە کۆچی دوایی کرد.

گەشتنامەکەی ریچ، ئەگەرچی لەڕووی مێژووییەوە گەشتنامەی دیکەی زۆری بەدوادا دێت، بەڵام لە بواری گەشتەوەریدا لە هەموو گەشتنامەکان دیارترە و شایانی لێوردبوونەوەیە، چونکە یاداشتەکانی لە هەموویان وردتر و دەوڵەمەندتر و بەربڵاوترە، هەر لەبەر ئەمە، زۆربەی ئەو گەڕیدانەی لە دوای (مستەر ریچ)ەوە سەردانی کوردستانیان کردووە، یان ئەو کوردناس و مێژوونووسە بیانی و خۆماڵییانە کە لە هەر لایەنێکی ژیانی کوردەواری شتێکیان نووسیبێ، ناوی ریچیان هێناوە و گەشتنامەکەی ئەویان خوێندووەتەوە. ریچ، لە گەشتەکەیدا رۆژانە تێبینییەکانی تۆمار کردووە و دواتر زۆر بەوردی گەشتنامەکەی نووسیوەتەوە و باسی ئەو شوێنانەی کردووە کە سەردانی کردوون.

جگە لەوانەی کە باس کران، گەڕیدە و مێژوونووسە عەرەب و موسوڵمانەکانیش لە دوای سەدەی سێیەمی کۆچییەوە، سەردانی کوردستانیان کردووە، یان بە کوردستاندا تێپەڕیون و لە گەشتنامەکانیاندا باسی کورد و کوردستانیان کردووە و جێدەستیان دیارە.

کۆنترین گەڕیدەی موسوڵمان کە لە کتێبەکەیدا ناوی کوردستانی هێنابێ "ئیبن خوردازەبە"یە، ئەبو قاسم عوبەیدوڵلا کوڕی ئەحمەد ناسراو بە ئیبن خوردازەبە (820-912 ز)، گەشتنامەیەکی بەناوبانگی هەیە بەناوی (المسالک و الممالک)، لەو کتێبەدا سێ جار ناوی کوردستانی هێناوە. لەدوای ئەویشەوە، دەیان گەڕیدەی دیکەی عەرەب سەردانی کوردستانیان کردووە و باسی کوردیان کردووە، کرنگترینی ئەوانەش: ئەحمەدی کوڕی یەحیای جابریی ناسراو بە بەلازەری (892ز مردووە)، ئەحمەد بن تەیب سەرخەسی (899ز مردووە)، ئەحمەدی یەعقووبی (897 ز مردووە)، ئەبوعەلی ئیبن رستە (912ز مردووە)، ئیبن فەقێی هەمەدانی (لە سەدەی دەیەمی زایینی ژیاوە)، قودامە بن جەعفەر (873-948ز)، ئەبوزەیدی بەڵخی (849-934ز)، ئەبوقاسم ئەستەخری (957ز مردووە)، ئیبن حوقەلی نەسیبی (977ز مردووە)، مەسعودی (896-957ز)، ئەبودەلف موسەعەر بن موهەلهەل (944ز مردووە)، شەمسەدین ئەلمەقدەسی (947-990ز)، ناسر خەسرەو بەلخی (1004-1088ز)، ئەبو عوبەید ئەلبەکری (1014-1094ز)، ئەبو عەبدوڵلا محەمەد ئەلئیدریسی (1099-1160ز)، ئەبوحەسەن بن جوبەیر (1145-1217ز)، یاقوتی حومەوی (1179-1229ز).

هەروەها یەکێک لەو گەڕیدانەی لە مێژوودا بە تێروتەسەلی باسی کوردیان کردووە، گەڕیدەی بەناوبانگی تورک، ئەولیا چەلەبییە.

ئەولیا چەلەبی بن دەروێش محەممەد (1611-1684ز)، لە شاری ئیستەنبوڵ لەدایکبووە و لە قاهیرە کۆچی دوایی کردووە، زنجیرە گەشتێکی درێژی بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی و وڵاتانی دەوروبەریدا کردووە، هەندێ جار بە سیفەتی فەرمیی دەوڵەتی عوسمانی و هەندێ جاریش بۆ حەز و ئارەزووی خۆی گەشتی کردووە، دواتر لە ماوەی ساڵانی (1896-1900ز)، بەرهەمی گەشت و گەڕانەکانی لە گەشتنامەیەکی (10) بەرگیدا نووسییەوە کە بە (سیاحەتنامە) بەناوبانگە و بەرگی سێیەمی ئەم کتێبەش تایبەتە بە کورد.

ئەولیا چەلەبی لە کتێبەکەیدا راستگۆیانە باسی کوردی کردووە و هەستی رەگەزپەرستانە بەسەریدا زاڵ نییە، یان وەکو وەرگێڕی (سیاحەتنامە) بۆ کوردی دەڵێت: "دەتوانین بڵێین ئەو شتانەی بینیونی و زانیونی، بەوپەڕی راستی و دەست و دڵپاکییەوە نووسیونی و نووسینەکانی کەم هەتا زۆر بۆنی رەگەزایەتی و هەڵاواردن و جیاوازکاریی لێ نایێ، میر شەرەفخانی بتلیس وەکو مێژوونووسێکی کورد کتێبی شەرەفنامەی بۆ کورد نووسیوە، ئەولیا چەلەبییش ئەم سیاحەتنامەیەی بۆ تۆمارکردنی دیتن و بیستنەکانی خۆی لە وڵاتەکانی عوسمانیدا نووسیوە، کەچی بۆ ئەوە دەشێ ئەم بەرگەیان ناوی (کوردستاننامە)ی لێ بنرێ، چونکە گەلێک لەو شتانەی دەربڕیوە کە شەرەفنامە خۆی لێ بواردووە..".

کەواتە هاتنی گەڕیدەکان بۆ کوردستان و نووسینەوەی گەشتنامەکانیان، رۆڵێکی گەورەی بینیوە لەوەی بەشێکی زۆری مێژووی ئێمە پارێزراو بێت، یان بدۆزرێتەوە و لە فەوتان و ونبوون رزگار بێت، بەڵام دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە گەڕیدەکان مرۆڤی ئاسایی بوونە و زۆربەی کات چییان بینیوە ئەوەیان تۆمار کردووە، بێگومان ئەمەش کاردەکاتە سەر بابەتیبوونی نووسینەکانیان، هەروەکو چۆن خودی نووسینەوەی بیرەوەری و گەشتنامە بێلایەنانە نییە، چونکە گەڕیدەکان کاریگەری هەستی مرۆڤانەیان بەسەردا زاڵە، ئەمە جگە لەوەی بە مەبەست و مەرامی جیاواز هاتوونەتە کوردستان و هەندێکیان وەکو "سیخوڕ"یش سەردانی کوردستانیان کردووە، لەلایەکی

**ئەولیا چەلەبی لە کتێبەکەیدا راستگۆیانە باسی کوردی کردووە و هەستی رەگەزپەرستانە بەسەریدا زاڵ نییە**

دیکەش هەموو کۆمەڵگا و نەتەوەیەک، بەدەر نییە لە سیفەتە مرۆییەکان و بەدەر نییە لەو دزێوی و ناشرینییەی کە مرۆڤەکان هەیانە و لەسەر کۆمەڵگاکان رەنگ دەداتەوە، بۆیە دەبینین زۆر لەو گەڕیدانەی هاتوونەتە کوردستان، یان لە رێگای گەشتەکانیاندا بە کوردستاندا تێپەڕیون، ناوی کوردیان بە دز و چەتە و رێگر هێناوە. هەروەکو بەشێکی دیکەشیان سیفەتی جوان و بەرزیان داوەتە پاڵ کورد و بە میللەتێکی بەڕێز و رەوشتبەرز وەسفیان کردووە.



ژێدەرەکان:

1- کورد لە دیدی رۆژهەڵاتناسەکانەوە- د. فەرهاد پیربال، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم (2006).

2- کورد و کوردستان لە دیدی گەڕیدە و وڵاتناسانی موسوڵمان- د. حەکیم ئەحمەد خۆشناو، وەرگێڕانی: شوکر سلێمان، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم (2014).


3- ئاناباس- گەزنەفۆن، وەرگێڕانی لە یۆنانییەوە: عەلی فەتحی، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم (2013).

4- سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا- نووسینی: ئەولیا چەلەبی، وەرگێڕانی: سەعید ناکام، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، چاپی یەکەم، بەغدا (1979).

5- گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان (1820)- کلۆدیوس جەیمس ریچ، وەرگێڕانی: محەممەد حەمەباقی، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی چوارەم (2012).

6- دزی و چەتەیی لە کوردستان لە دیدی گەڕیدە بیانییەکاندا- پ. ی. نعمەت عەلی مەحمود، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (38)، تەمموزی (2017).

# لەبارەی "هەنگەوان"ی ماکسێنس فێرمین




هەنگەوان رۆمانێکی (ماکسێنس فێرمین)ـەو نووسەر و وەرگێڕ ئازاد بەرزنجی لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی. بەرهەمەکە لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووسە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. تا هەنووکە چەند جارێک چاپ کراوەتەوە. لە پێشەکییەکدا، ئازاد بەرزنجی نووسیویەتی: "ئۆرلیان لە هەندێ رووەوە لە (ڕامبۆ)ی شاعیری گەورەی فەرەنسا دەچێت، کە چۆن ئەویش فەرەنسا جێدەهێڵێت و خەونی شاعیرانەی بەرەو ئەفریقا دەبات و هەروەکو ئۆرلیانیش دەست لەگەڵ قاچاخچییەکاندا تێکەڵ دەکات. فەزای ئەو رووداوانەی کە لە ئەفریقا روودەدەن، زۆر لە فەزای چیرۆکەکانی (هەزار و یەک شەوە) دەچێت، رۆحی خۆرهەڵات تێکەڵ بە رۆحی خۆرئاوا دەبێتەوە".

دەسپێکی رۆمانەکە سەرنجڕاکێشە: (ئۆرلیان رۆشفێر لە دیمەنێکدا هاتە دونیاوە کە بە خۆر و رووناکی تەنرابوو. دیمەنێک کە ناوی پرۆڤانس بوو ل11)

کارەکتەری سەرەکی ناوی (ئۆرلیان رۆشفێر)ـە، خەڵکی فەرەنسایە و رووداوەکانیش لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا لە نێوان فەرەنسا و ئەفریقا روودەدەن.

ڕۆژێکیان کە هەنگێک بەسەر دەستی ئۆرلیانەوە دەنیشێتەوە، ئیدی بە رادەیەک سەوداسەری رەنگە زێڕینەکەی دەبێت کە بڕیار دەدات ببێت بە هەنگەوان و خەون بە پەروەردەکردنی هەنگ و بە هەنگوینی زێڕینەوە دەبینێت "هێشتا منداڵ بوو، هەنگێک بەسەر لەپی دەستییەوە نیشتەوە، هەنگەکە هەر تاوێک لەسەر دەستی مایەوە و بەر لەوەی بفڕێتەوە، هەر لەوێدا، واتە لەسەر خەتی تەمەنی، ئاسەواری تۆزێکی زێڕینی جێهێشت. ئیدی لەو ساتە بەدواوە ئۆرلیان شەیدای هەنگوین بوو، بڕیاری دا رۆژێک لە رۆژان ببێت بە هەنگەوان ل 11".

لەم رۆمانەدا، پاڵەوانەکە کتێبێک دەبارەی ئەفریقا دەخوێنێتەوە و خەون بە ئافرەتێکی پێست زێڕینەوە دەبینێت، عاشقی ئەو ئافرەتە دەبێت و فەرەنسا جێدەهێڵێت، بەرەو ئەفریقا دەچێت و لەو سەفەرەشیدا دووچاری چەندین نەهامەتی دەبێت.

نووسەر لەم رۆمانەدا کار لەسەر رەنگ و رەهەندەکانی دەکات (هەر یەکێک لە ئێمە رەنگی تایبەت بە خۆی هەیە ل 13)، لەم جیهانەدا، هەریەکەمان بەشێوەی جیاواز دەژین و بیر دەکەینەوە، (ئۆرلیان)یش موسافیرێکی ژیانە و لە سەفەرەکانیدا رووبەڕووی راستییەکانی ژیان و ئازار و مەرگ و خۆشەویستی دەبێتەوە "ئەو بەتەواوەتی نەیدەزانی دوای چی کەوتووە. بەڵام دەیزانی کە چارەنووسی ئەوەیە هەڵوەدای شتێک بێت، شتێک کە رەنگی لە خۆر دەچێت ل 49".

ئەم رۆمانە بەسەرهاتی کەوتن و هەڵسانەوەی مرۆڤە، سەرگوزەشتەی هاتوچۆیەتی لە نێوان سنوورەکانی واقیع و خەیاڵدا، چۆن هەندێ جار خەیاڵ دەبێتە واقیع و هەندێ جاری تریش واقیع دەبێت بە خەیاڵ "بۆ یەکەمین

▶ سەباح شێخانی



جار لەوە تێگەیشت کە ژیان چەندە بەهادارە. لە بیاباندا، ژیان بە تەنها بە شتێکەوە بەندە: ئاو. ئەویش ئاڵتوونی بیابانە ل 70". هەموومان لەیەک جیهاندا دەژین، ئەوانەی گەشبینن هەمیشە داهاتوو بە رووناکی دەبینن، مرۆڤ تەنیا بە هۆشیاری دەتوانێت خەونی رەوا بێنێتە دی "ئۆرلیان مەزەندەی شتێکی کرد کە عادەتەن مرۆڤ لە سەرەمەرگدا دەیگاتێ، ئەویش پەیبردنە بەوەی کە ژیان لە تۆپەڵێک داوەدەزوو دەچێت. داوەدەزووی زێڕین کە لە رۆژانی تەمەن چنراون ل 74".

دواجار ئەوەی لە سەفەر و خەونەکانەوە بۆمان دەمێنێتەوە کۆمەڵێک یادەوەرین کە جوانیی خۆیان هەیە. لە هەنگەواندا، خەیاڵێک ئۆرلیان راپێچ دەکات بەرەو عیشقی مەحاڵ و سەفەری پڕ لە عەزاب و جوانیی رەها "من هێشتا لە ژیانماندوو نەبووم ل 73". زۆر کەس کە لە دایک دەبن، سرووشتیان وایە کە کەسێکی گەشبینن، مرۆڤ لە هەر پلە و ناونیشانێکدا بێت، خەونی جۆراوجۆری هەیە، "ئۆرلیان" تەسلیمی واقیع نابێت، دوای ئەوەی ئاگر بەردەبێتە پوورەکانی و دەسووتێن، دوای خەون و خەیاڵەکانی خۆی دەکەوێت.

مرۆڤ کاتێک بە دوای خەونێکدا وێڵە، هەموو شتێک تاقی دەکاتەوە، پەیامی پشت ئەم رۆمانە، وادەکات بە نیگایەکی جیاوازەوە لە ژیان بڕوانین (ئەگەر کەسێک خەونێکی هەبوو، ئەبێ بەر لەوەی شەپۆلەکانی ژیان بۆ هەتاهەتایە لەگەڵ خۆیاندا ببەن، بیهێنێتە دی ل 121). ئێمرسۆن فەیلەسووفی بواری مێژوو، دەڵێت: "مرۆڤ درەختێکە ریشەکەی لە قووڵایی مێژوودایە". رەنگە بە دیوێکی تریشدا ئەم رۆمانە بیەوێ پێمان بڵێت کە ژیانی مرۆڤ جوڵانەکردنە لەنێوان واقیع و خەوندا، نە رەنگە سپییەکەی "بەفر"ە و نە رەنگە رەشەکەی "کەمانچە رەشەکە"یە. کۆمەڵێک لە گوتەی جوان لەم رۆمانەدا هەن، لەم کورتە رانانەدا بوار نەبوو هەڵوەستەیان لەسەر بکەین.

**ماکسێنس فێرمین**
*** ساڵی 1968 لە فەرەنسا هاتووەتە دونیاوە.**
***لە کۆتایی نەوەدەکانەوە بە رۆمانی "بەفر" دەست بە ژیانی ئەدەبی دەکات.**
***تا ئێستا چەندان رۆمانی نووسیوە و بۆ گەلێ زمانی دونیا وەرگێڕدراون.**

# خەیامەکەی هەژار و ئەوانی پێش خۆی

▶ رەسووڵ سوڵتانی



پێش هەژاری موکریانی، زیاتر لە چوار کەس خەیامیان کردووەتە کوردی، دیارە هەر کام لەوان تام و چێژێکیان هەیە، ئەی هۆکار چییە ئەوانەی نەک هەر بە پێوەری چێژ بەڵکو بە پێوەرە ئەدەبییەکان دێن چوارینە وەرگێڕدراوەکانی خەیام هەڵدەسەنگێنن، هیچ کامیان لە تای تەرازووی وەرگێڕانەکەی هەژاردا هاوسەنگ نایەنەوە و هەموو ئەدیب و شارەزایەکی ئەدەبیات وەباڵ بۆ قورسایی وەرگێڕانەکەی هەژار دەکێشێ؟ هەڵبەت لەو نێوەدا ئەو کەسانەی کە خوویان بە وەرگێڕانی وشە بە وشەوە گرتووە، وەرگێڕانەکەی هەژاریان نەک بەلاوە پەسند نییە، بگرە بەگژیشیدا دێنەوە کە بۆچی فلانە وشەی دەقە فارسیەکە لە کوردییەکەدا نییە؟

ئەوەی هەژار کردوویەتی وەرگێڕانێکی ئازادە. بە پێچەوانەی وەرگێرەکانی پێش خۆی، ئەو وشەی مانا نەکردووەتەوە، بەڵکو پەیامی هەر چوار دێرە شیعرەکەی وەرگرتووە و سەر لەنوێ شاعیرانە تێکی هەڵشێلاوەتەوە و دایڕشتووەتەوە. ئەم وەرگێرانە وەرگێڕانی واتایە کە لەنێو جۆرەکانی وەرگێڕاندا، شێوازێکی باو و پەسندکراویشە. راستە ئەم شێوازە زۆر گوێ ناداتە وشە و دەستەواژەکانی دەقی یەکەم و بەو هۆیەوە لە روانگەی زۆر کەسەوە وەفادار و دەروەست نییە، بەڵام لە کۆی گشتیی خۆیدا بۆ خوێنەری ئەو زمانەی کە بۆی وەرگێڕدراوە، خوێندنەوەکەی خۆش و خۆماڵیانەیە. هەر بۆیە کە چوارینەیەکی خەیامەکەی هەژار دەخوێنینەوە، رەنگبێ بە شوێن زۆر وشە و دەستەواژەدا بگەڕێین کە لە دەقی یەکەمدا هەن، بەڵام لە دەقە کوردییەکەدا نین. هەر ئەوەش وای کردووە زۆر کەس لە وەرگێڕانەکەی هەژار دڕدۆنگ بن.

**هەژار چیی لەگەڵ خەیام کرد؟**

کە سەرنجێکی ئەو پێشەکییە بدەین وا هەژار بۆ چوارینە کوردییەکانی خەیامی نووسیوە، روون و ئاشکرا پێمان دەڵێ من نامەوێ بەو وەرگێڕانە، خوێنەر و وەرگێڕی کورد فێرە فارسی بکەم. یانی ئەگەر تۆی خوێنەر بەتەمای ئەوەی بزانی من لە هەمبەر فلانە وشەدا چ وشەیەکی کوردیم دەکار کردووە، بەهەڵە چووی.


بۆ وێنە کاتێک خەیام دەڵێ:

**ای پیر خردمند پگەتر برخیز**
**و آن کودک خاکبیز را بنگر تیز**
**پندش دە گو کە نرم نرمک میبیز**
**مغز سر کیقباد و چشم پرویز**

هەژار لەم چوارینەیەدا واز لە ناوەکانی "کەیقوباد و پەرویز" دێنێ و لەبری ئەو دوو ناوە "پادشا و میر و وەزیر" دادەنێتەوە. بۆ؟ ئاخۆ ئەوە کێشە نییە؟

بە رای من کێشە نییە. راستە کەیقوباد و پەرویز دوو ناوی راستەقینەن لە مێژووی ئێراندا، بەڵام هەژار لێرەدا لە زانست و راڤەی هێرمنۆتیکی کەڵک وەردەگرێ و ئەو دوو ناوە وەک هێمایەک بۆ ناوی هەموو پادشا و میر و وەزیرێک بەکاردێنێ و پێمان دەڵێ: تەنیا کەیقوباد و پەرویز نین کە مردوون و تاج و تەخت و دەسەڵاتیان بەجێهێشتووە و بوونەتەوە گڵ، بەڵکو هەرچی پادشا و میر و وەزیرن، رۆژێک هەر دەمرن و دەبنەوە گڵ. ئەم بۆچوون و تەفسیرەی هەژار و دارشتنەوەکەیشی لەگەڵ کاکڵ و کۆی بیر و روانینی خەیام هیچ ناتەبا نییە و ئەگەر لە روانگەی هێرمنۆتیکەوە لێی بڕوانی، خەیامیش هەر وەها مەبەستێکی بووە. جگە لەوەش، هەژار لە زۆربەی هەرە زۆری چوارینەکاندا میسرەعی یەکەم و دووەم و جاری واشە یەکەم و دووەم و سێیەم تێکهەڵدەشێلێ و سەرلەنوێ دایاندەڕێژێتەوە، با بزانین چیی لەم چوارینەیە کردووە:

**پەندێکی منداڵەکەت بدە مامەی پیر**
**با بازی بە خاک و گڵ نەکا، ژیری بەبیر**
**پێژینگی لەدەست دەرێنە بەس دابێژێ**
**کەللەی سەری پاتشاە و میر و وەزیر**



بەڵێ، چوارینەیەک دەخوێنێتەوە... چەند رۆژ و حەفتە و جار هەبووە مانگێک بە چوارینەیەکەوە راوەستاوە... بیری لە هەموو لایەنە فەلسەفییەکانی ئەو چوارینەیە کردووەتەوە...

هەڵبەت ئەوەی خەیام باسی دەکا، حیکمەتە، نەک فەلسەفە بە مانا ئەرستۆییەکەی. هەژار ئەو نهێنییەشی دۆزیوەتەوە... حیکمەتی ژیان و مردن. کەوابوو لەپێشدا حیکمەت و ماناکەی لە زەینی خۆیدا هەزم کردووە، هەژار دەزانێ حیکمەت و جیهانبینیی هەر میللەتێک لە پەندی پێشینان و ئیدیۆمەکانی ئەو میللەتەدایە. بۆیە لە زۆرینەی چوارینەکانیشدا گەڕاوەتەوە بۆ پەندی پێشینان و ئیدیۆم و قسەی نەستەق و باو:

**هەشتێکی لە مشتە بێنە نەک نۆ بێ و نەبێ**

***

**ئەم دەنگی دەهۆڵە تا لە دوور بێ چاکە**

***

**تا پیاوی هەژار دەگاتە بەغدا دوورە**

***

جاری واشە چوارینەکانی ئەوەندە خۆماڵی کردووەتەوە وەک بڵێی هەر خەیام کورد بووە و بە کوردی نووسیونی:

وەک:

**کورد بۆیە دەڵێ لە هەمزە چیی داوە هەباس**

یان:

**جێی چەند کەری کوڵکن بێ ئەگەر وابێ بەهەشت**

لە روانگەی وەرگێڕانی ئازادەوە ئەم کارەی هەژار نەک رەخنەی نایەتە سەر، بگرە دەکرێ وەک خاڵێکی بەهێزیش سەیری بکرێ. ئاخر هەژار نایەوێ تەنیا مانای میسرەعەکان راگوێزێ، بەڵکو دەیەوێ سەرلەبەری ئەو تێڕوانین و رامان و بیرکردنەوەیە راگوێزێت کە بووەتە ئیلهامبەخشی خەیام بۆ نووسینی ئەم چوارینەیە، ئینجا بۆ ئەوەی بەبێ کەموکووڕی هەموو ئەو لایەنانە راگوێزێت، دیسان دەبێ هەموو تواناکانی زمانەکەی خۆی بەکار بێنێت، لێرەدا هەژار سیلەی چاوێکیشی لە خوێنەری کورد و زەینی تاکی کوردە، ئاخۆ ئەگەر کوردێکی ژیر و بەبیر وەها چەمک و بیرکردنەوەیەک دەربڕێت بە چ زمان و وشەگەلێک دەریدەبڕێت؟ هەر بۆیەش لێرەدا کە خەیام دەڵێ:

**گر عاشق و میخوارە بدوزخ باشند**
**فردا بینی بهشت همچون کف دست**

جا باشە ئەگەر ئاشق و مەیخۆرەوە لە دۆزەخدا بن، کەوابوو بەهەشت چۆڵ دەبێ وەک لەپی دەست. بەڵام هەژار نایەوێ شیعرەکەی خەیام مانا بکاتەوە، ئەو دەیەوێ لەگەڵ راڤەکردنەکەیدا بەردێکیش بە گورچووی ئەو کوڵکن و ریشدرێژانەدا بدات کە پێیان وایە بەهەشت بۆ ئەوان تەرخان کراوە و دڵتەڕ و مەیخۆرەوە دەبرێنە دۆزەخ. بەڵام هەژار بۆچی ئەو کارە دەکا؟ وەختێک هەژار ئاوڕ دەداتەوە، دەبینێ ئەم فتوایە لە زار و زمانی کەسانێکەوە هاتووەتە دەرێ کە قسە و کردەوەیان لێک دوورە و خۆیان دەمیان ناوەتە خوێنی هەژاران و خوێنی مرۆڤیان لە خۆیان حەڵاڵ کردووە، کەچی بە خەڵک دەڵێن خوێنی ترێ حەرامە و ئەشق و دڵداری دەستەچیلەی دۆزەخن، هەموو ئەو بیر و هزرانە تێکهەڵدەشێلێ لە میسرەعی پێش کۆتایی ئەم چوارینەیەدا تەوسێک بەو ئامۆژگاریکەرانەدا دەدا و دەڵێ: جا ئەگەر وەک ئێوە دەڵێن وابێ، کەوابوو:

**جێی چەند کەری کوڵکن بێ ئەگەر وابێ بەهەشت**
**یان چۆڵ و بیابان و کپە وەک لەپی دەست**


بە گشتی، بۆ تێگەیشتن لەو شێوازە وەرگێڕانەی هەژار، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ راڤە و هێرمنۆتیک، بەتایبەتی کە هەژاری کۆنەفەقێی ماڵانگەڕ رێک بەو روانگەیەوە شەنوکەوی کردوون و لێکیداونەتەوە و وەردی داونەتەوە و دایڕشتوونەوە.

هەژار دەزانێ بۆ گەڕان بە دوای شێوازی بیرکردنەوەی میللەتێک لە مەسەلەی ژیان و مەرگ و بۆ ناسینی جیهانبینی و حیکمەتی میللەتێک دەبێ بچێتەوە بنج و بناوانی زمانەکەی کە بریتییە لە ئیدیۆم و پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی ئەو میللەتە. ئەوەیە رازی سەرکەوتنی هەژار لەو وەرگێڕانەدا. ئەوەشمان دەبێ لەبیر نەچێ کە وەرگێڕدراوەکانی پێشتر لەسەر کێشی خۆماڵیی کوردی وەرگێڕدراون، کەچی هەژار زۆر وەستایانە رێک لەسەر کێشی چوارینە فارسییەکان وەریگێڕاون کە کێشی "لا حول ولا قوە الا باللە"ـیە.



# ئەلفاتیحە

ڕەئوف حەسەن



لە
پرسەکەی مامۆستا حەسەندا
چوار پێنج ڕیز لە دواتەوە دانیشتبووم، لای
چەپتم لێوە دیار بوو.. ڕوومەت و لایەکی چاوی چەپت..
چارەکێکی لای چەپی دەمیشت.. ببوورە جۆری دانیشتنەکەمان
ئاوا بوو دەنا ئاوا ڕاستەوخۆ ئەم هەموو وشەی (چەپ) و (چەپت)مەم
بەکارنەدەهێنا، چونکە دەزانم ئەو وشەیە هەستت بریندار دەکات.. بەڵێ، بە
قژە سوورە تەنکەکەتدا کە بە جوانی لە لاجانگ و پشتەوەتەوە دیار بوو.. ئۆە!
بمبەخشە.. خەتای من نییەو خۆت بە سروشتی قژت سوورە! هیوادارم یان سفر بیتاشی
یان بەو ڕەنگە سوورەش هەستت نەڕووشێ.. کاتێ لەدواوە دیقەتی ناوەڕاستی کەللەسەریشم
دایت، بەقەدەر کڵاوێکی مالومە جووەکان ڕووتابووەوە.. هێشتا هەر لە گوماندا بووم ئەوبێت،
ئەو نەبێت.. ئۆە! بۆ دواجار بمبەخشە.. نازانم ئەو مالومانەم چۆن بەدەم و خەیاڵدا هات.. ئەو
کڵاوە پچکۆلەیە چۆن وا بەتەوقی سەری ئەو جولەکانەوە دەوەستێ! ببوورە بەناوهێنانی جولەکە هیچ
مەبەستێکی خراپم نەبوو.. خوانەخواستە بۆ ئەوە بێت هەستت بریندار بکەم.. نا وەڵێ، نازانم ئێوە
بۆ بە هەموو شتێ هەستتان بریندار دەبێت؟ ئیدی هیچی ئەوتۆ ناڵێم.. بەو بەڵگانەی پێشوو گوتم
خۆیەتی.. زۆر دڵخۆش بووم.. جەنابتان ئەرکتان کێشا و هاتوونەتە ئەم پرسەیە.. لە هەلێ دەگەڕام
بێمە لاتەوە، چونکە بە ئامادەبوونت لە پرسەی تێکۆشەرێکی پرشنگدار و ڕۆشنبیر و پێشکەتنخوازی
وەک مامۆستا حەسەندا، گۆڕانکارییەکی بێوێنە و پێشبینی نەکراوم لە تۆدا بەدی دەکرد.. هەرچی
تێبینییەکم هەبوو لەسەرت، بەتایبەتی لەو ڕووەوە کە لەپڕ بە گۆشەی سەدو هەشتا پلە پشتت کردە
هەڵوێستی مەردانەی جارانت و گۆڕانێکی سەیرت بەسەردا هاتبوو.. هەموو هاوڕێیانت لەو گۆڕانە
ئەنتیکە و نالۆژیکییە کتوپڕەی ئەم ساڵانەی دواییت سەرسام بوون.. بریا هەر سەرسام بوونایە..
بەوپەڕی سووکی ناویان دەهێنای، تەنیا من پاکانە و پاساوم بۆت دەهێنایەوە.. لەخۆمەوە پێیانم
دەگوت:
– ئاخر ئەم هاوڕێیە و زۆربەی زۆری هاوڕیانی تریش ماندوون.. هەر بە کوێرەوەری و
هەژاری و نانەڕەقە گوزەراندوویانە، ئەمیش مافی خۆیەتی هەناسەیێ هەڵمژێ و لەپەنای
ئەواندا بۆخۆی بحەسێتەوە و ماندوێتی ساڵانی پێشووی دەرچێت.
هاوڕێیان کەسیان بە پاساوەکانم قەناعەتیان نەبوو.. دەیانگوت
– تۆ چی دەڵێیت! ئەگەر مەسەلە ئاخوڕی چەوربێت، ئەوا لەو ئاخوڕە
چەورتر هەیە.. ئەی بۆ نەچووەتە چەورترەکە.. خۆ هەرچۆنێ
بێت لە زۆر لایەنەوە، بەتایبەتی لە قوربانیدان و
نیشتمانپەروەری و پێشکەوتنخوازیدا
لەگەڵ ئەوەکەی

ئەودا
هەر بەراورد ناکرێن.
ئەویدی وەڵامی دەدایەوە
– نا.. هاوڕێ ئەوانیدی حسابی بۆ ناکەن.. کێ
دەڵێت نەچووە؟ چووە و ئەوان دەرگەیان لێ نەکردووەتەوە..
چونکە دەزانن بودەڵەیە.. لای ئەوان جێگەی نابێتەوە.
– بەڵێ.. بەڵێ.. چووە، تەنیا ئەوان پێویستیان بە کەسێکی سەرسووری
وەک ئەمە.. با بودەڵەش بێت.
ئیدی ماوەی چەند ساڵێ چاوەڕوان بووم، گوتم بەڵکو ئەمە خوایە لەوێ
دەروویەکت لێبکەنەوە.. بەڵکو بۆ پەرلەمان کاندیدت بکەن.. یان لە پۆستێکی
چەوری حکومەتیدا داتبنێن.. یان هەر هیچ نەبێت لای خۆیان بتکەنە کادیرێکی
بەرپرس و نازانم چی!
ئیدی پێشبینی هەموو شتێکم بۆت دەکرد، تەنیا ئەوە نەبێت ئەمڕۆ لە پرسەی
مامۆستا حەسەنی تێکۆشەردا ئامادەبیت.. ئەمانە و هەزاران شتی دیکەم لەو ماوە
کورتەی قورئانخوێندنی مەلادا کە دەکەوێتە نێوان دوو فاتیحادادانەوە، بە زەین و بیرمدا
گوزەریان کرد.. هەر لەلاوە دیقەتم دەدایت و کەوتبوومە گومانەوە.. تۆ بڵێی ئەو
بیت.. ئەو نەبیت، تۆیش نە ئاوڕێکت دەدایەوە، نە سەرت دەبزواند.. ئاغر ئاغر
دانیشتبووی، لێ کاتێ مەلا گوتی (الفاتیحە)، ڕوانیم زۆر بەجوانی لای چەپت... نا
ببوورە! دیقەتم دا دەمولێوت بە ڕەوانی بۆ خوێندنی فاتیحاکە دەجوڵێت.. زۆر
بەجوانی دەتەوێت دان بە پیت و وشە و سەروبۆر و زەننەکانیشدا بنێیت..
ئەوسا بێگومان بووم کە خۆتیت و لەوەش پەشیمان بوومەوە بێمە لاتەوە،
چونکە لە هەموو شتێ بێگومان بووم. بە لێوجولاندنە جدییەکەی
فاتیحا خوێندنەکەتدا پێویستم بەوە نەما بە قسە پێمبڵێی:
– بەڵێ خۆمم و ئەوم و هەر ئەوەیشە و کێ پێیناخۆشە
با لە ورگی خۆی بدات!

# کەمێک سەیرتر لە خەیاڵ (مەنیفێستی چوارەم)



1

نیوەشەو، خۆی کرد بە هۆدەیەکی مالە کۆنەکەدا. لە تەنیشت کچە نۆزدە ساڵانەکەوە کە بە دەرمان خەوێندرابوو، پاڵکەوت. گریانی منداڵێک دەهات. گۆرەوییەکانی داکەند. قاچە پڕ لە پەڵە و سەدەف و بە کێم و جەراعەت لینجەکانی، بە قاچە ناسکەکانی کچەکە بەراورد کرد؛ دەستە چرچاوی و لەرزۆکەکانیشی، بە دەستە کاڵ و سافەکانی شاجوانی نوستوو. چرکەکان خاو دەڕۆیشتن بەرەو داهاتوو، تەمەنی ئەمیش بەرەو مەرگێکی دواخراو، شەویش بەرەو ڕۆژ، ڕەشاییش بەرەو شینایی، چرپاکەش پەیتا پەیتا دەگۆڕا بە نەعشێکی زەمەن لێنیشتوو ... تا ئەو کاتەی شەو بە تەواوی خۆی بەکاربرد و خۆر نزیک بووەوە.

لەو بەرەبەیانەدا کە بۆنی هەموو ئەو درەخت و گوڵانەی لێ دەهات لە ڕۆمانەکانیدا باسی کردبوون، پرسیارەکە بۆ کاواباتای پیر ئەمە بوو: ئەم دابەشبوونە نادادپەروەرانەیەی جوانی لە جیهاندا کە لە ئەوی تردا بۆی دەگەڕێین، چۆن دەتوانێت ڕێ لە مەرگ بگرێت، لە ژیانێکدا کە هەمیشە لەدەستچووە؟

2

با حیکایەتت بۆ بکەم: مێروویەکی زەبەلاح کە پردێکی یادەوەری دەیباتەوە سەر مرۆڤ، هەموو هەوڵی خۆی دەدات تا بە تەواوی ببێتە قالۆنچە، بەڵام دەمرێت. پیاوێکی پیر هەموو هەوڵی خۆی دەدات هاوسەرینی کچێکی جوان بێت بەبێ ئەوەی

هاوسەرینی کچێکی جوان بێت، لەولایەوە گەنجێکی قاچ-هەوکردوو دەیەوێت خۆی هەڵبداتە دەریاچەکەی ناو سەریەوە.

کێشەی جوانی لەنێوان کافکا و کاواباتادا، کێشەی بوونە وەک سەیروورە و وەک لەدەستچوون. سامسا تا زیندووە، هەرگیز بە تەواوی نابێتە مێروویەکی زەبەلاح، مێرووەکەش هەرگیز قالۆنچە نییە؛ ئەوەی کافکا دەیخولقێنێت ناتەواوییە، بوونێکی ڕوو لە تەواوبوون کە هەرگیز ناگات. ئەوەی ئیگوچیی پیر بەردەوام لەبەری دەڕوات هەرگیز ناگەڕێتەوە، هەر وەک نەگەڕانەوەی دەریاچەکەی یادگەی مۆمۆی، یان نەگەڕانەوەی پەیوەندیی قاچەکانی ئەو بە قاچەکانی دۆستەکانیەوە؛ مەرگ بریتییە لە خۆتەواوکردنی ئەم نەگەڕانەوەیە، جوانی واتە ئەوەی لەبەردەم نەگەڕانەوەکەدا بەپێوە دەمێنێت.

3

با چیرۆکی شیعرت بۆ بگێڕمەوە: هەندێک جار زمان شکست دەهێنێت لە پێکانی نیشانەکەیدا. دەزانی حەقیقەت بریتییە لە ڕوودانی ئەم شکستە؟

4

شاعیرانم دەبینی تاک تاک هەڵدەوەرین؛ شۆڕشگێڕەکان دەبینم تۆپەڵ تۆپەڵ دێنە خوار.

5

لە جێیەکدا خوێندمەوە کە فەیلەسووفێکی کۆنتینێنتاڵ بە سەرخۆشی، شاعیرێکی باشی لێ دەردەچێت. فەیلەسووفێکی ئەنالیتیکییش بە سەرخۆشی، کۆنتینێنتاڵێکی خراپی لێ دەردەچێت. بۆ نموونە، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانم ئەمە مێژووییانە نەگونجاوە، با کانت تاقیی بکەینەوە. گەر مەست بوایە دەینووسی:
«ئاسوودەیی واتە ئەزموونکردنی شتەکان لە خۆیاندا

زاموا محەممەد



بەڵام مرۆڤ شت لە (من)دا ئەزموون دەکات،
چونکە فاکەڵتیی ئەزموونکردنی شت لەخۆیدا بۆ مرۆڤ ئامادە نییە.
نابێت بە زمان فریو بدرێیت؛
لەبەر ئەوەی شت بۆ (من) تەنها شتە لە (من)دا بۆ ئەوی تر،
وریابن کە ئەزموونکردنی ئەپۆستێریۆریانەی شت لە (من)دا
بۆ ئەویتر، هەرگیز نابێتە ئەزموونکردنی شت لە خۆیدا:
بۆیە ئاسوودەیی لە (من) و لە ئەوانی تریشدا هەمیشەییانە مەحاڵە.»

6

دورکهایم بە دەرنەفیزێکەوە خەریکی توندکردنەوەی برغووە، نە نان دەخوات و نە دەخەوێت، چونکە پێی وایە تاکایەتی و ئازادیی تاک وا لە کارەکەیدا ئەو کاتەی دراوسێی زۆرە و دەشتوانێت پەیوەندییان پێوە بکات.

7

مارکس، لەو ڕۆژەوەی هیگڵی خوێندووەتەوە، کڵاوەکەی بە هەڵاوگێڕاوی لەسەر دەکات.

8

جەنەراڵێکی شۆڕشگێڕ لەم عەیار بیستوچوارانە، پێی گوتم: هونەر بریتییە لە شکستی پراکسیس.

9

فۆتۆکۆپییەکەی واڵتەر بێنیامین هەرگیز پڕ حیبر نییە، چونکە ئەو ناچارە هەموو کارێکی هونەری کۆپی بکات، تاکو بیبینێت.

10

تێلیڤیزیۆنەکە هەڵدەکات و دەیخاتە سەر کەناڵێک کە بیستوچوارکاتژمێر پەخش بکات. دەچێتە دەر لەماڵ و تێلیڤیزیۆنەکە ئاوا جێدەهێڵێت، بەم جۆرە بۆدریارد تۆڵە لە ئەبیستمەی هاوچەرخ دەکاتەوە؛ بەهۆی هەڵگێڕانەوەی پرۆسەی بەکاربردنەوە سەرمایەداری هەڵدەوەشێتەوە.

11

لە ڕۆژگاری تێکشکاندنی سەرمایەداریدا بۆدێریارد هەرگیز شت ناکرێت؛ لە ڕۆژگاری تێکشکاندنی سەرمایەداریدا مارکس هەرگیز ناهێڵێت ئەو شتە بەرهەم بهێنرێت کە بۆدێریارد نایکرێت.

12

ماوەیەک خوێنەران نارەزایەتییان دەردەبڕی لەوەی کە لە هەر جێیەکدا هابرماس قسەیان بۆ بکات، ناچارە دەست بخاتە سەر شانی کەسێکی تر، کەسێکی تر کە لە کاتی قسەکردندا دەبێت هەمیشە لایەوە بوەستێت؛ تاوەکو قسەکە ئەقڵانی دەربچێت.

13

ناتوانم ئەم دیمەنە لە مێشکم دەربکەم: مارکۆزە چاوشارکێ لەگەڵ فرۆید و مارکسدا دەکات. بۆیان دەگەڕێت، بەڵام تا دەیاندۆزێتەوە و جۆیان دەکات، هایدیگەر شار دەگرێت.

14

لیۆتاریش وەک تۆ ئەمانەی خوێندەوە، بەڵام جیاوازیی نێوان ئەو و تۆ، تەنها ئەوە بوو کە لیۆتار دەیزانی من خەریکی پارالۆجیم دژ بە گێڕانەوە.